# بەرەی یەکگرتووی لەتاران ڕاگەیەنرا

ڕێکەوتی ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ لەتارانی پایتەختی ئێران، {بەرەی یەکگرتووی کورد} ڕاگەیەندراوێکی دەرکرد بەهائەدین ئەدەب کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی پێکهێناو بە فەرمی دەستی بەکارەکانی کردو خۆی ئاشکراکرد. نوێنەری پێشووی شاری سنە لەپەرلەمانی ئێران، لەدانیشتنێکی فەرمی بە ئامادەبوونی ڕۆژنامەوانانو هەواڵنێرانی بیانیو ناوخۆیی، دەست بەکاربوونی ئەم ڕێکخراوەی ڕاگەیاندو ئاماژەی بەوەدا کە ئەم بەرەیە ئاشکراو شەفاف لەچوارچێوەی یاسا کاردەکات.

ئەدەب یەکپارچەیی خاکی ئێرانی لەئامانجە سەرەکیەکانی ئەم بەرەیە داناو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان لەپێناوی پاراستنی یەکێتی خاکو نەتەوەی ئێراندا خەبات دەکەن. نوێنەری خولەکانی ٥و٦ ی پەرلەمانی ئێران چالاکڤانی سیاسی، بەهائەدین ئەدەب کە بەهاوکارێکی نزیکی کۆماری ئیسلامی ئێران ناسراوە، ئاماژەی بەشێوازی بەڕێوەبردنی کارو خەباتی ئەم بەرەیە کردو گوتی: ئامانجی ئێمە دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردە بەشێوازی ئاشتیانەو دوور لەتووندو تیژی. دروشمەکانی ئەم بەرەیە بریتین لە {پیادەکردنی دیموکراسی، دادپەروەریو مافی یەکسان، گەشەی بەرانبەر}.

ناوبراو ئاماژەی بە دروشمی سەرەکی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد واتا "دادپەروەریو دادخوازی" دا و گوتی: ڕێکخراوەکەی ئەوان بێجگە لە(دادپەروەری ئابوری) داوای دادپەروەری سیاسیو کۆمەڵایەتی کەلتوریش دەکات. قسەکەری بەرەی یەکگرتووی کورد ڕونیکردەوە کە هێڵی سووری ئەوان "یاسا"یەو دەخوازن بە دوور لەهەر چەشنە تووندوتیژیەک لەچوارچێوەی یاسادا خەبات بکەن.

ئەدەب گوتی: بەرە دروستکراوی حکومەت نییە، بەڵام دەخوازێ لەبەڕێوەبردنی پرۆژە پۆزەتیڤەکاندا کۆمەکی حکومەت بکات، هەروەها ڕایگەیاند کە ڕێکخراوەکەی ئەوان بەهیچ شێوازێك دوژمنایەتی حکومەتو دەوڵەت ناکات. لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ ئەوان مۆڵەتی یاساییان لەوەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە یان نا؟، ئەدەب گوتی: بەرە، حزب نییە تا مۆڵەتی یاسایی هەبێتو هەروەکو چۆن بەرەی "ریفۆرمخوازان لەساڵانی ڕابردوودا چالاك بوونە لەکاتێکدا مۆڵەتی یاساییان نەبووە. هەر لەهەمان پەیوەندیدا ئەدەب گوتی: ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ داوای مۆڵەتی یاساییان لێ بکات ئەوان چونکە پابەندی یاسان، بۆ وەرگرتنی مۆڵەت دەست بە کاردەبن. قسەکەری ڕەسمی بەرەی یەکگرتووی کورد سەبارەت بە ئەندامانی ئەم ڕێکخستنە گوتی: چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو "ئێن. جی. ئۆ" یەکان لەم بەرەیەدا کاردەکەنو هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناو "بەرە" مۆڵەتی یاساییان هەیە. بە بڕوای ئەدەب "بەرەی یەکگرتووی کورد" بەدیلو ئەلتەرناتیڤی هیچ سازمانو ڕێکخراوێکی سیاسی نییە. لەهەمان کاتدا هەر ڕێکخراوێکی سیاسی کە مۆڵەتی یاسایی هەبێت دەتوانێت لەبەرەدا خەبات بکات. ناوبراو داخوازیەکانی بەرەی لەداواکاری نەتەوەیی بەرزتر نرخاندو گوتی: پاراستنی یەکێتی نەتەوەو خاکی ئێران لەبنەما سەرەکیەکانی ئەم ڕێکخستنەیە ئەوان خوازیاری نەمانی جیاوازی نێوان گەلانو داوای مافی یەکسان بۆ هەموو گەلانی ئێران دەکەن.

بەهائەدین ئەدەب ژمارەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ئەم بەرەیە بە ٣ هەزار کەس خەمڵاندو هیوای خواست تا چەند مانگی دیکە ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی کە ٢٥ کەس دەبنو لەپارێزگاکانی کرماشانو ئیلامو کوردستانو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەشدار دەبن، هەڵبژێردرێن. دواتر ئەندامانی شورای ڕێبەرایەتی کە ٥ کەس دەبن لەلایەن ئەم ٢٥ کەسەوە هەڵدەبژێردرێن. شایانی باسە هاوکات بەیاننامەی خۆئاشکراکردنی ئەم بەرە لەڕاگەیەنە گشتییەکاندا بڵاوکرایەوە.

چاودێرانی سیاسی بە دوو ڕامانی جیاوازەوە پێکهێنانو ڕاگەیاندنی ئەم بەرەیە ڕاڤەدەکەن. هەندێك پێیانوایە پێکهێنانی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان خواستێکی مێژووییەو کورد ناچارە لەناوەخۆی ئێرانەوە کار بۆ وەدەسهێنانی مافەکانی خۆی بکات. هەندێکی دیکە پێیانوایە ئەم بەرەیە لەبستۆکی دەستی حکومەتی تارانەو بە مەبەستی چەواشەکاری پێکهێنراوە، چونکە ماوەیەکە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێرانو بنکەو بارەگای ئاشکرایان لەباشووری کوردستانو وڵاتانی ئەوروپادا هەیە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی لەو بابەتە تێدەکۆشنو بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد لەتارانو لەسەر دەستی کەسانی ناسراو بە لایەنگرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا بۆ فریودانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو ناکام دەمێنێتەوە.

## سەلماس:

## هێلیکۆپتەر دەستڕێژی لەکاروانچییەکان دەکەن

ماوەیەکە هێزەکانی ئینتیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ڕێگرتن لەقاچاخچییە سنوور بەزێنەکان، سوود لەهێلیکۆپتەر وەردەگرێ. ڕۆژانە چەندین هێلیکۆپتەر لەئاسمانی دەڤەری سەلماسدا هەڵدەفڕنو چاودێری لەکاروانی قاچاخچییان دەکەن. ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٧ ئەو هێلیکۆپتەرانە دوو ئۆتۆمبیلی وڵاتیان گوللەباران دەکەن، لەئاکامدا هەردوو ئۆتۆمبیلەکە لەکاردەکەونو سەرنشینەکانیشیان زیانیان پێدەکەوێتو تەواوی بارەکان دەستیان بەسەردا دەگیرێن. شیاوی گوتنە خەڵکی گوندەکانی سەر سنوور بۆ بژێوی ڕۆژانە خۆیان بەقاچاخ کاڵاو کەلو پەلی پێویست لەنێوان سنوورەکاندا دەگوازنەوە

## ١٤٣ ملیۆن

## منداڵی بێ سەرپەرشت هەن

*بەگوێرەی هەواڵی ساڵانەی سندوقی منداڵانی سەر بەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (یونسێف)، سەدان ملیۆن منداڵ لەوڵاتانی جیهاندا لەبارودۆخێکی یەکجار دژواردا دەژینو ڕووبەڕووی برسێتیو ئازارو کۆیلێتی دەبنەوە. ماڵپەڕی ڕێکخراوی یونسێف سەبارەت بەمنداڵان نووسیویەتی: {لەجیهاندا زیاتر لە ١٤٣ ملیۆن منداڵی بێ سەرپەرشت هەنو زیاتر لە ١٠ ملیۆن لەو منداڵانە بێ خانوونو لەسەر شەقامەکاندا دەژین. زۆر لەو منداڵانە لەلایەن تۆڕی بازرگانە بێ ویژدانەکانەوە دووچاری دەستدرێژی سێکسی دەبنەوەو ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن. ئەو منداڵانە لەسەر شەقامەکان دەژین، بێ پەناگەن لەهەموو بوارێکی خزمەتگوزاری لەشساغیو پەروەردەو فێرکردن بێبەشن. بەداخەوە هەنووکە هیچ ڕێکخراوێك لەخەمی ئەو منداڵانەدا نییەو بیریان لێناکاتەوەو بەرنامەیان بۆ داناڕێژرێ}. لەدرێژەی هەواڵەکەدا هاتووە: {ئێستا ٢ ملیۆن منداڵ بازرگانی سێکسییان پێوەدەکرێو بەملیۆنان منداڵیش ڕەوانەی وڵاتانی دیکە دەکرێنو مافیاکان پێیانەوە دەوڵەمەند دەبنو لەسەر خوێنی ئەوانەوە سامان کۆدەکەنەوە.

## کوردێك لە شاری حەلەب کوژرا



*ماڵپەڕی عامودێ*: کوردێکی خەڵکی عامودێ بەناوی (سەید یاسین بەگێ)، تەمەن ٢٦ساڵ، کاتژمێر ٢٢ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢ لە حەلەب دەستڕێژی لێدەکرێ ودەکوژرێ، تا ئێستا هۆکاری کوشتنەکەو ناسنامەی بکوژەکە نەزانراوە. بەڵام خزمەکانی کوژراولایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان تۆمەتبار دەکەن و وابلاودەکەنەوە کە کوژراو گەریلایێکی ئازای پەکەکە بووە و چەندین ساڵ لەنێو ڕیزەکانی ئەو پارتەدا درێژەی بە خەبات داوە. دواتر وازی هێناوەو ماوەی ساڵێك لەباشووری کوردستاندا دانیشتووە. پاشان لەسەر داوای بنەماڵەکەی بۆسوریا دەگەڕێتەوەو لەلایەن ئاسایشی وڵاتی سوریاوە دەگیرێو زیندانی دەکرێ. دوای ئازادبوونی لە زیندان ژن دەهێنێ، بەڵام هەرکات هەست بەمەترسی تیرۆرکردن دەکات . بۆ پاراستنی ژیانی خۆی ناچار دەبێ ڕوو لەشاری حەلەب بکاتو لەوێ دوکانداری بکات.

### دیاردەی دزین زەق بۆتەوە

*بە گوێرەی هەواڵ دوای ئەوەی نرخی کەلوپەل بەرزبۆتەوەو بازاڕ گرانی تێکەوتووە، دیاردەی دزین پەرەی گرتۆتەوەو لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا برەوی پێدراوەتەو. لەکۆتایی مانگی ڕابردوو تا هەفتەی یەکەمی ئەم مانگە چەندین دزی کراونو دزەکانیش دەستگیر نەکراون. هەروەها دزینی ئۆتۆمبیلو لێکردنەوەی ئامێرەکان سەری هەڵداوەتەوە. بۆ نموونە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٤ لەدوکانی وڵاتی (سمایل سەمەد) لەشاری ڕانیە بڕی ٥ ملیۆن دینار دزراوە، ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٩ لەناو بازاڕی هەولێریش، ٢ هەزار دۆلار لەوڵاتی (حەمەد بەکر) دزراوە.

### پێنج کرێکار دەگیرێن

*ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٦ لەکاتێکدا ٥ کرێکار لەگوندی ئارماوانی سەر بە ناحیەی پیرمام (سەلاحەدین) خەریکی خانوو دروستکردن دەبن لەلایەن هێزێکی ئاسایشی پیرمامەوە گەماڕۆدەدرێنو دەگیرێن. تۆمەتی ئەو کرێکارانە تەنیا ئەوەبووە کە بۆ یەکێك کە گومانی لێدەکرێ ئەندامی لایەنێکی ئیسلامی بێ، کاریان کردووە. بەگوێرەی هەواڵ ڕۆژی دوایی واتە ٢٠٠٥/١٢/٢٧ خاوەنی خانووەکەش دەگیرێو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەکە بە بیانۆی نەبوونی مۆڵەتو زێدەڕۆیی لەسەر دروستکردنی خانووبەرە، وڵاتیانی گوندەکانی سەر بە ناحیەی پیرمام دەگیرێنو ڕێگەیان پێنادرێ خانوو دروست بکرێن.

### کوڕێك لەسەر سکاڵای دایکی دەگیرێ

*بە گوێرەی هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٤ ژنێك بەناوی (هە. ر) لەبنکەی پۆلیسی ئاشتی، بەتۆمەتی ئەوەی کە کوڕەکەی لێیدەداتو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات، سکاڵا لەدژی کوڕەکەی تۆماردەکات. دوایی لەسەر بڕیاری دادوەر کوڕەکە دەگیرێو ڕەوانەی زیندان دەکرێ. تا ئێستا هۆکاری لێدانو هەڕەشەلێکردنی دایکەکە لەلایەن کوڕەکەیەوە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام گەنجانی بێکار لەکاتێکدا داواکانیان ڕەت دەکرێتەوە پەنا بۆ توندو تیژی بەرانبەری نزیکەکانی خۆیان دەبەنو دەیانترسێننو بە زۆر پارەیان لێدەسێنن.

### فیدراسیۆنی گەنجان ڕادەگەیەنرێ

*لەکۆتایی مانگی دێسمبەری ڕابردوو، کۆمەڵێك گەنجی دەڤەری ڕاپەڕین بەمەبەستی داکۆکیکردن لەمافەکانی لاوان، فیدراسیۆنی گەنجان دروست دەکەنو بە ڕاگەیاندراوێك هەبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن. ئەوەی شیاوی باسە ئەرکی لەپێشی دیاریکراوی فیدراسیۆن، خوازیاری دەرچوونی یاسایەکی تایبەت بەتوێژی گەنجانو داواکارن کە پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای ئەمساڵەدا ئەم یاسایە دەربچوێنێو کاری پێبکات.

### کچێك خۆی دەکوژێت

*بە گوێرەی هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٣ کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر لەئاکامی دەمەقاڵێ لەگەڵ براکەیدا دووچاری هەستریا دەبێو تاوانێك دەخولقێنێ، دەست بۆ دەمانچەکەی باوکی دەباتو گوللەیەك لەخۆی دەداتو خۆی دەکوژێ. بەگوێرەی زانیاری ئەندامانی بنەماڵەکە، ئەو کچە نەخۆشی دەروونی هەبووە زۆر زوو تووڕەبووە. ڕۆژی ڕووداوەکە دەمەقاڵێی لەگەڵ برایێکی بچووکی خۆی دەبێت. لەکاتێکدا ناتوانێ لەبراکەی بدات پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات. ئەو پاساوە بۆ پۆلیس باوەڕهێن نەبووەو دەست بە لێکۆڵینەوەی زیاتر کراوە.

### ژنێك دەسووتێ

*بەگوێەری هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢ ژنێکی تەمەن ٢٥ ساڵ، خەڵکی قەزای سۆران بەهۆی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لەماڵەکەیاندا دەسووتێ، لەلایەن خزمو کەسەکانیەوە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری هەولێر، بەڵام لەبەر زۆری سووتانو کاریگەری برینەکەی گیان لەدەست دەدات. تا ئێستا هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە نەزانراوە.

### کوڕێك چوار ئەندامی بنەماڵەکەی خۆی دەکوژێ

لەدوایین هەفتەی مانگی دێسێمبەری ٢٠٠٥دا، لاوێکی ئۆردوگای کەورگۆسکی سەر بە ناحیەی خەباتی شاری هەولێر، لەئاکامی کێشەیەکی خێزانیدا، باوکو براو زڕ دایکو داپیرەی خۆی دەکوژێت. ئاگادارانی ئەم کارەساتە هۆکاری تاوانەکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە دایکی کوڕەکە ژنی بەسەرهاتووەو هانی کوڕەکەی داوە کە باوکیو باوەژنەکەی بکوژێت. ئەم کارەساتە وەك ڕووداوێکی ئاسایی سەیر ناکرێ، بۆیە پۆلیس لێکۆڵینەوە لەکرۆکی ڕووداوێك دەکات کە چوار کەسی تێدا کوژراوە.

### خوێنکارێك خۆی دەسووتێنێ

بە گوێرەی هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٨ خوێندکارێکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی کچانی ڕانیە، نەوت بەسەر خۆی دادەکاتو ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات. دوای ٥ ڕۆژ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگدا ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢ گیان لەدەست دەدات. بە گوێرەی قسەی هەندێ لەهاوپۆلەکانی، مامۆستایەکی قوتابخانە لەسەر پەیوەندیەکی تەلەفۆنی کە کچەکە لەگەڵ دۆستێکی خۆی هەیبووە، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکاتو سووکایەتی پێدەکات. بەڵام ئەندامانی بنەماڵەکەی هۆکاری خۆسووتاندنەکە بۆ وەرگرتنی نمرەی کەم لەوانەیەکدا دەگێڕنەوەو دەڵێن: چونکە لەوانەیەك نمرەی کەمی هێناوە، بەمەش لەگەیشتن بە زانکۆی مەبەست بێ هیوا دەبێو پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات.

### لەبەردەم دادگەی ڕانیە لەوڵاتیەك دەدرێ

*ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٩ لەبەردەم دادگەی شاری ڕانیەدا ٦ کەس پەلاماری وڵاتیەکی گوندی دۆڵەڕەقە دەدەنو لێیدەدەن دواتر ئاگری کێشەکە لەلایەن خزمانی هەردوولا خۆشتر دەکرێو پەنا بۆراکێشانیچەك دەبردرێ. بەڵام خۆشبەختانە دوای گەیشتنی هێزەکانی ئاسایشی شاری ڕانیە هەردوولا دەگیرێنو ڕەوانەی گرتوخانە دەکرێن. ئەوەی شیاوی باسە هەردوولایەن خەڵکی یەك گوندنو لەوێ هەندێ کێشەیان هەبووە، بەڵام لەبەردەم دادگەی ڕانیەدا یەکانگیر دەبنو کێشەکە گەورەتر دەکەن.

### کچێك خۆی دەخکێنێ

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٦ کچێك بەناوی (چیمەن موراد ئیبراهیمی) خەڵکی گوندی (کۆلیج) ی سەر بەناوچەی بەربنەی پیرانشار لەئاکامی کێشەی بنەماڵەکەیدا خۆی هەڵدەواسێو خۆی دەخنکێنێ. نزیکەکانی قوربانیەکە دەڵێن: چیمەن بۆیە خۆی خنکاند چونکە خوازبێنیەکەی لێی پەشیمان بوونەتەوە. پەشمان بوونەوەی خوازبێنیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری یەکەمی باوکی کە سەرەتا خوازبێنیەکە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام کاتێ دەزانێ کچەکە مەیلی بەو خواستنە هەیە لەبەر دڵی کچەکە ڕەزامەندی دەداتو ئامادەیی خۆی پیشان دەدات، کەچی بنەماڵەی کوڕەکە بەو ڕازی نابنو دەست لەخوازبێنیەکە هەڵدەگرن.

### ژنێك خۆی دەسووتێنێ

*ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٥ ژنێك بەناوی (جەمیلە سەدیق محەمەد جانێ) خەڵکی شاری سەردەشت نەوت بەسەرخۆی دادەکاتو ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات. دراوسێکانی هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەدەن بەڵام بۆیان کۆنترۆڵ ناکرێو ناتوانرێ گیانی ڕزگاربکرێ. بە گوێرەی هەواڵ ناوبراو کێشەی خێزانی هەبووەو کەسیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هاوکاری نەکردووە. سەرەنجام هێوا بڕاو بووەو پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە.

### کچێك خۆی دەکوژێ

*کچێکی تەمەن ١٦ ساڵەی خەڵکی کامیاران، بەناوی شلێر غولامی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٧ بەهۆیەکی نادیار خۆی کوشت. بەگوێرەی وتەی بنەماڵەی کچەکە، ڕۆژی ڕووداوەکە ئەو کچەو خوشکە گەورەکەی لەماڵ دەبنو سەرقاڵی کاری ڕۆژانەیان دەبن. خوشکە گەورەکەی بەمەبەستی کڕینی پێداویستی ڕۆژانە دەچێتە بازاڕو شلێر بەتەنیا لەماڵ دەمێنێتەوە. کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵ چاوی بەتەرمی خوشکەکەی دەکەوێ کە خۆی لەسێدارەداوە. هەرچەندە هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ بۆ خۆکوژی ئەوکچە باسی لێوە نەکراوە، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوە تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی یاسایی دەکرێتو دواتر بەکەسو کاری دەدرێتەوەو لەگۆڕستانی شار بەخاك دەسپێردرێ.

### کچێك خۆی دەسووتێنێ

*ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٢٦ کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ، خەڵکی گوندی (لۆن)ی کامیاران بەناوی هاجەر ڕەحمانی بەهۆی گرفتو کێشەی بنەماڵەکەیەوە بڕیاری خۆکوشتن دەداتو نەوت بەسەرخۆی دادەکاتو خۆی دەسووتێنێ. هەرچەندە بنەماڵەکەیان باسی ئەو کێشەو گرفتەیان نەکردووە، بەڵام لەکۆمەڵگەی دێهاتدا زۆرجاران بنەماڵەکان بەنا بەدڵیو بەزۆرداری کچەکانیان بەشوو دەدەن. شایانی باسە لەماوەی ١٠ مانگی ڕابردوودا ١٩ کەس لەشاری کامێرانو گوندەکانی دەوروبەر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، لەوان ٣ کەسیان پیاو بوونو ١٦ کەسیشیان ژنو کچی ژێر ١٨ ساڵ بوون.

### وڵاتیەك دەکوژرێ

*شەوی ٢٠٠٥/١٢/٣٠ هێزەکانی ئینتیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران جێگێر لەسنووری باشماغی ناوچەی مەریوان دەستڕێژی لەکوردێك بەناوی سەلاح مەولود کرمانی خەڵکی (خێرئاوا)، دانیشتووی شاری مەریوان دەکەنو برینداری دەکەن. لەئاکامی سەختی برینەکەی دوای ماوەیەکی کورت گیانی لەدەست دەدات. ئەوەی شیاوی باسە ڕۆژانە وڵاتیانی دەست کورت کە بەکۆڵکێشی ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکەیان پەیدا دەکەن دووچاری مەترسی دەبنەوەو گیان لەدەست دەدەن.